# بۆ رۆشنبیران بەرپرسیار نین ؟؟؟؟

دوای ئەوەی وتارێکم لەژێر ناونیشانی ..پارتی یەکیەتی ئەیانەوێ بەم هەنگاوەلەرێڕەوی رۆشەنبیرانی کورد لابدەن ...
، بەلام یەک لەو سایتانەی نووسش و بۆ چەند سایتیکی ئەنترنێت نارد ،سوپاسی ئەو سایتانەئەکەم کەبلاویان کردەوە کەبلاوی نەکردەوەسایتی دەنگەکان بوو ، بەوەش وولامی دامەوەکەگوایەبابەتەکەلاوازەو شایەنی بلاوکردنەوەنیەچونکەمن ئەلێم پارت ولایەنەکانی کوردستان تا ئیستا لەسەر رێ و شوینی رۆشەنبیران رۆیشتوون و ئیستا ئەیانەوێ لەم رێ و شوێنەلابدەن ،دیارەبەرێزانی سایتی دەنگەکان لەگەل ئەو بۆچوونەی من دانین و پێیان وایەکەئەم پارتانەی کوردستان نەپیشتر و نەئێستا بەهیچ شێوەیێک لەسەر رێ و شوێنی رۆشەنبیران نەرۆیشتوون ، بۆیەش پیم دەلێن بەلگەت بۆ قسەکانت چیە...

لێرەدا سوپاسی وولامەکەیان ئەکەم و ئەلیم کەمن لەنووسینەکەم نەمتوانیبێ کەسانێکی وەک بەرێوەبەرانی سایتی دەنگەکان لەنووسینەکم حالی بکەم ئەوەرەنگەزۆریش لەخوێنەرانی وتارەکەلەنووسینەکەم حالی نەبووبن ، بۆیەبەپیویستم زانی کەرۆنکردنەوەی زۆرتر بدەم و بتوانم دیدی خۆم سەبارەت بەرۆشەنبیرانی کورد و کاریگەریان لەسەر پارتەکوردیەکان بخەمەروو..بۆ ئەمەش پیویستەجارێکیتر سوپاسی سایتی دەنگەکان بکەم ....

دوای ئەوەدەبێ ئەوەش بلێم کەمن باس لەرۆشەنبیران ئەکەم مەبەستم ئەو رۆشەنبیرانەن کەبەئاشکرا یان بەنهێنی چوونەتەژێر رکێفی پارتەکان و لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی خۆیان یان کەوتوونەتەخزمەت راگەیاندنەکان و بەشێوازی جیا جیا پڕوپاگەندەبۆ ئەو لایەن و ئەو لایەن ئەکەن یان لەئاست هەموو رووداوەکان مات و بێ دەنگن ، نەوەک ئەو رۆشنبیرانەی کەخاوەن هەلوێستن و لەدەرەوەی پارتەکان و ئامادەنین بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندیەتایبەتیەکانیان بخەنەپێشەوەی بەرژەوەندیەگشتیەکان ، ئەگەر چی بەداخەوەژمارەی ئەو رۆشنبیرەخاوەن هەلوێستانەلەچاو رۆشەنبیرەخۆپەرستەکان زۆر ، من لەلای خۆشم ، بەلام هەن و کارەکانی خۆشیان تا ئاستێک ئەنجام داوە، وەدامودەزگای راگەیاندنیشیان لاوازترەکەمە گەشبینم بەداهاتوویان ...

بەلام با بپرسین کێن ئەوانەی دامودەزگای پارتەکان بەرێوەئەبەن ؟ کێن ئەوانەی راوێژکاری سەرکردایەتی پارتەکان ئەکەن ؟ کێن ئوانەی بوونەتەپردی نێوان دەسەلات و خەلک ؟ کێن ئەوانەی چاو ساغی کۆمەلن ؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر ....
یان با بەشێوەیەکیتر پرسیار بکەین ، ئایا ئەتوانین بلێین رۆشەنبیر بوون و نەبوونی لەکۆمەل وەکو یەک وایە؟ یان با بپرسین ئایا بەبێ رۆشەنبیران پارتەسیاسیکان یان دەسەلات ئەتوانن ئامانجەکانی خۆیان بپێکن ؟ یان درێژەبەخۆیان بدەن ؟
من پێم وایەباشترین چەکی پارتەکان یان دەسەلات رۆشەنبیرانن ، هەر بۆیەش من گلەیی لەپارتەکان و دەسەلات ناکەم کەرۆشەنبیران ئەکەن بەچەک من رووی قسەم ئەکەمەرۆشەنبیران بۆ ئامادەن ببن بەچەک ؟ بۆ ناتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن و ئەرکەمێژوویەکانی خۆیانیان بەجێ بێنن ؟ ئێوەپێتان وایەرۆشەنبیر بەرپرسیاریەتی کۆمەلی لەئەستۆدا نیە؟
ئێوەپێتان وانیەرۆشەنبیران لەپێشەوەی هەموو خەلک بەپارتەکان و دەسەلاتیشەوەئەرکەنیشتمانی و نەتەوەیی و ، ئەگەر رۆشەنبیر لەپشتی دەسەلات نەبێ پەروەردەیەکانیان لەئەستۆدایە؟ من پێم وایەبەرپرسی یەکەم لەکۆمەلگا رۆشەنبیرە ئەوا دەسەلات هیچی بۆ ناکرێ ، هەموو دەسەلاتێکیش ئەوەئەزانێ ، هەموو رۆشنبیرێکیش ئەوەئەزانێ ....
بۆیەهەموو پارتێکی سیاسی و هەموو دەسەلاتێک لەرێگای رۆشنبیرانەوەخۆی بەهێز ئەکات ،ئەوەجگەلەهەندێ دەسەلاتی نمونەیی ئاگر و ئاسنین نەبن کەسوپا وەک ئامرازی یەکەم بەکار دێنن ، لەگەل ئەوەش ئەوانیش ناتوانن پشت ئەستوور نەبن بەرۆشنبیران ..
، وەهەروەها پارتەکان و دەسەلاتیش بەشێکن لەکۆمەل ، پێم وانیەکەس لەگەلم ناکۆک بێ کەرۆشەنبیر چاوساغی کۆمەلە کەواتەرۆشنبیران چاوساغ و رێپیشاندەری پارتەکان و دەسەلاتیشن . بەلام رەنگەناکۆکیەکەلەوەبێ کەهەندێک پێیان ، ئایا ئەوەراستە؟ بێ گومان لەروانگەی ئەو وایەئەوەی لەناو پارتەکان بێ و پالپشتی دەسەلات بێ ئەوەرۆشنبیر نیە رۆشنبیرانەی لەدەرەوەی دەسەلاتن ئەوەراستەبۆیەش گەلێک جار بەجاش قەلەم یان خۆفرۆش یان بێ هەلوێست پێناسەئەکرێن ....
، ئێمەش ئەوە باش ئەبینین کەزۆربەی هەرەزۆری نووسەران و هونەرمەندان و مامۆستایان و خاوەن ئەوەکرۆکی باسەکەیە بڕوانامەکان و یاساناسان ....هتد ئەمرۆ لەکوردستان خۆیان بەسەر پارتەکان دابەش کردووەو هەر یەک لەپەنایەک ، زۆربەی هەرەزۆریان لەخزمەت بەرژەوەندی خۆی یان خۆی مات و بێ دەنگ کردووەیان بۆتەسەرچاوەی ئاژاوەنانەوە ، نانیان ژیان و گوزەرانیان بەرێوەچوونیان خۆدەرخستنیان لەئەنجامی ئەو شەڕ و ناکۆکیەخوێناویەی نێوان پارتەکان دایە

.....بەتایبەتی سوودیان لەو دوو بەش بوونەی کوردستان وەرگرتووە
بۆیەهەر ئەو رۆشەنبیرانەبوون بەر لەشەڕی نێوان پارتی و یەکیەتی و دابەش بوونی کوردستان بۆ دوو ئیدارەدەست پێشخەریان کرد لەدابەش بوونی خۆیان ، با سەیری ئەم رابردووەبکەین ، یەکیەتی نووسەرانی کورد بۆ بوون بەدوو پارچەبەدوو بەش ؟ بێ گومان خەلکێکی سادەئەلێ پارتەکان ( پارتی و یەکیەتی ) نووسەرانیان دوو بەش کرد ، بەلام ئەگەر راسگۆیانەسەیر بکەین نووسەران زۆر زووتر دابەش بوون و لەراستیدا ئەوان هاندەری ناکۆکیەکانی نێوان پارتەکانیش بوون ، بەلگەش ئەوەیەوەک ووتم خۆیان دەست پێشخەر بوون لەدابەش بوون و هەر بەشەیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان چوونەپال پارتەکان و دەستیان کرد بەپێشبرکێ و هەر بەشەو ئەوەی تری تاوانبار ئەکرد و هەولی بەهێز بوونی خۆی ئەدا و ئەیویست بەهەر نرخێک بێت بەسەر بەشەکەی تریان زال بێت ، بۆ ئەمەش پارتەکانیان بەکار هێنا و سوودیان لەئیمکانیەتی ماددی پارتەکان کرد بەتایبەت ئیمکانیەتەکانی پارتی و یەکیەتی و کەوتنەفریودانی پارتەکانیش بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەتەسکەکان و تایبەتیەکانی خۆیان ...
رەنگەزۆر کەس بپرسێ بۆ ئەمەیان کرد !!!
دیارەهەموومان ئەوەباش ئەزانین کەرۆشەنبیرانی کورد ئەتواندرێ بەچەند شێوەیەک پۆلین بکرێن...
١_ کۆنەکان و نوێیەکان . یان با بلێین ئەوانەی پێش راپەڕین و ئەوانەی دوای راپەڕین..
٢_رۆشنبیرانی شاخ و رۆشنبیرانی شار ..
..٣_رۆشنبیرانی سەر بەبەعس و رۆشنبیرانی پێشمەرگە
، بەلام ئەوەبەشێوەیەکی گشتی خۆ ئەگەر بمانەوێ ووردتریش ببینەوەئەوەرەنگەبتوانین زیاتریش لەیەکتریان جیا بکەینەوە با ئەو چەند بەشەوەک نمونەوەرگرین ...
، زۆربەی هەرەزۆریان یەکتر باش دیارەرۆشنبیرانی پێش راپەڕین هەم ئەوانەی شاخ و هەم ئەوانەی شاریش ئەگرێتەوە ، ، بەلام دوا جار بەشێکیان رویان کردەشاخ و بەشێکیشیان مانەوەئەناسن وەلەسەردەمانێک کاریان بەیەکەوەکردووە دیارەئەوانەی کەرویان کردەشاخ ئەوانیش هەندێکیان چەکی پێشمەرگایەتی کردەشان و ئەرکی پێشمەرگایەتی خستەپێش ئەرکی رۆشنبیری و بەداخەوەکەزۆریان کوژران ، هەندێکیشیان لەشاخیش جارێکیتر کەوتنەوەجموجۆلی رۆشنبیری بەشێوازی جیا جیا وەک رادیۆ و دەرکردنی هەندێک لەشێوەگۆڤار و رۆژنامەی شاخی و چ ئەوانەی تیپی مەسیقا و ....هتد . دیارەهەندێکیشیان هەر زوو کەوتنەهەولی دەرچوون بۆ وولاتانی تر ، کەواتەرۆشنبیرانی شاخیش بەم شێوەیەدابەش بوون ...
ئەوانەی کەلەشاریش مانەوەیان پەیوەندیان بەشاخ هەبوو یان مات و کڕ لێی دانیشت یان لەژێر چاودێری بەعس بەردەوام بوو یان هەر تەواو بوو بەبەعسی . ئەوەش ئەوانەی شار...
رۆشنبیرانی نوێش واتەئەوانەی دوای راپەڕین هەم دیسان بەشێکیان لەشاخ بوون و بەشێکیشیان لەشار ، دیارەئەوانەی شاخیش بریتی بوون لەوانەی کەرۆشنبیریەکەیان لەشاخ لەدایک بوو لەگەل ئەوانەی ژیانی ئاوارەیی مندالدانی رۆشنبیریان بوو ، هەرچی رۆشنبیرانی نوێی شار لەوانەپێکهاتبوو کەسەرەتای ژیانی رۆشنبیریان بوو یان لەسەردەمی بەعس هەموو ...، ئەوەپۆلین کردنێکی خێرایەتەنیا بۆ روون کردنەوەتواناکانی خۆیان شاردبووەوە
، وەشکاندنی بەم شێوەیەتێکەلەیەک لەرۆشەنبیرانی کورد درووست بوو کەکەس نەتوانێ رەش و سپی لەیەکتر جیا بکاتەوە ئەو دیوارانەی کەلەنێوان ئەو هەموو بەشانەدروست ببوو کارێکی ئاسان نەبوو ، زمانی گفتوگۆ و لەیەکتر گەیشتن سەخت بوو ، ژیان بەتەواوەتی شیرازەی نەمابوو ، ئەوەش باشترین هەل بوو بۆ ئەو هەلپەرستانەی کەئەگەر سوود لەم هەلەوەرنەگرن وەک ئەوەوایەکەبڕیاری قڕ کردنی خۆیان بدەن ، زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەش خاوەن ئەزموونێکی لەبن نەهاتوو بوون ، توانیبوویان ئەو هەموو ماوەیەخۆیان لەگەل رژێمی بەعس بگونجێن و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن ، جا چۆن ناتوانن لەراپەڕینێکی کوت و پڕی وا کەهیچ پارتێک خۆی بۆ ئامادەنەکرد بوو ، کەس نەیئەتوانی کۆنترۆلی بار و ...دۆخەکان بکات هەر کەسەو بۆ خۆی حوکمەت بوو ، ئیتر ئەوەمێژووی راپەڕین دیارە

هیوادارم بتوانم لەبەشێکیتر تیشک بخەمەسەر هەلوێستەجیاوازەکانی رۆشنبیران لەکاتی راپەڕین و دەست بەکار بوونیان راستەوخۆ لەهەنگاوەسەرەتایەکانی دوای راپەڕین و دوای ئەوەش چۆنیەتی دابەش بوونیان و بەرژەوەندیان لەدابەش بوون و ئاژاوەنانەوەکاریگەری نێگەتیفانەیان لەسەر پارتەسیاسیەکان ...

**من نامەوێ بلێم پارتەسیاسیەکان هیچ بەرپرسیاریەک لەئەستۆیاندا نیەیان بێ کەم و کوڕین ، من ئەمەوێ بلێم ، تا ئەو ئاستەی ئەتوانم ، وەکەم و کوڕی رۆشنبیران تا بلێیت زۆرترەبەرپرسیاریەتی رۆشنبیران زۆر گەورەتر و لەپێشترە بلێم ئەوان رێگا خۆشکەر بوون بۆ بەرەو هەلدێر بردنی رەوشی کوردستان .......**

**هەندرێن حەمەدەمین**
١٨ی١ی٢٠٠٦